# سیاسەت و شۆڕشگێڕی

حیکمەت هەڵەبجەیی

لەگەڵ لەدایک بوون و گەشەی شێوازی بەرهەمهێنان و دابەش کردنی سەرمایەداریدا، ئەم دوو زاراوەیە: سیاسەت و شۆڕشگێری، لەسەر شانۆی مێژوو، وەک دوو شێواز، دوو لێکدانەوەی دژ بە یەک دەرکەوتن.

سیاسەت زمان حاڵی دەوڵەت و حزبە، هەموو چالاکیە ئابوریەکان و بەرنامەکانی، چوار چێوەیەکی سیاسی بۆ دارێژراوە. واتە سیاسەت تەعبیر لە بەرنامەو پلانی ئابووری دەکات، تەعبیر لە حوکمی سیاسی و حوکملێکراو دەکات، فۆرمی سیاسی دەسەڵات نیشان دەدات، ئیتر ئەمە بە پۆلیس و عەسکەرو مێدیاوە. سیاسەت لیکۆڵینەوەیە لە ڕوخساری دەرەوەی یاساو دەستورە ئابوریەکان، نەک دەرخستنی هۆکاری دروست بونی یاساو دەستورو دیاردەو ڕوداوەکان، بۆ ئەم مەبەستەش دەستەڵاتی دەوڵەت لە مەجرای ڕەوت و گەشەکردنیدا، زۆر هەوڵ و تەقەلای خستۆتە گەر ، بۆ ئیدامە دان بەسیاسەت لەپێناوی پەردەپۆش کردن و شاردنەوەی جەوهەری سیستەمەکەی. ئابوری و سیاسەت خەسڵەتی سەرمایەداریەو لێی جیا نابێتەوە، کاتێک کە ئەڵێین دەوڵەتی برجوازی لەهەمان کاتدا ئابوری و سیاسەتی گرێ داوە پێیکەوە. بەپێی ئەم دەستەڵات و هێزەی کە دەوڵەت لەژێر چنگیدایە، لەگەڵ خۆیدا زۆربەی حزب و لایەنەکانی بەکێش کردوە بۆ خۆی بەتایبەت چەپەکان تا ڕادەیەک جموجوڵی سیاسی و هەلسوکەوتی سیاسیان تێکەڵ بەچالاکی شۆڕشگێڕی کردوە. گوایە چالاکی شۆڕشگێری خۆی لەخۆیدا چالاکی سیاسیە. حزب و لایەنەکان بەتایبەت چەپەکان سەرقاڵی کاری سیاسین. واتە زیاتر بەتیۆری و عەقڵی باوو بەرنامەی حزبیەوە خەریکن، ناتوانن لەگێژاوی عەقڵی ڕابەرو سەرکردەو سکرتێرو پەیڕەو پرۆگرامی حزبی بچنە دەرەوە. بەم واتایە، مەنهەجی ئەوان مەنهەجی ئابووری سیاسیە، ئەمەیش ئەو سیاسەتەیە کە بە ڕێکخستنی بازرگانی و یاساکانی ڕکابەری و پەیوەندی ناکۆکی کارو سەرمایەوە خەریکە، دەیەوێت ناکۆکیەکان وەک ناکۆکیەکی سادە دابنێت لەسەر مووچەو داهات، گەندەڵی و نەزاهە. ڕەوتی مێژوی ئەو لایەن و حزبانە ،زیاتر لەگەڵ کارو چالاکیە سیاسیەکاندا یەکیان گرتۆتەوە ،هەر لەبەر ئەوە ئەوەندەی لەهێڵی دەوڵەتو دەستەڵاتەوە نزیکن لەکۆمەک و تەواو کەری بەرنامەی دەوڵەت ئەوەندە نزیک نین لە بزوتنەوەی شۆڕشگیێڕیەوە، بەڵام کاتێک. دێنە مەیدان و بەرەو ڕوی پرۆلیتاریا ئەبنەوە خۆیان بەچاو ساغ و فریاد ڕەسی پرۆلیتاریا ئەزانن، دەستەڵاتی دەوڵەت بەدرێژای مێژوو کەڵکێکی باشی لە ڕێڕەوی ئەم لایەنانە وەرگرتوە وەک پاڵپشتی.

شۆڕشگێری چالاکیەکی پراکتیکی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریایە، ئەمەش وەک خەسڵەت وەک مەهامی چینایەتی لەئەستۆی ئەو چینە شۆڕشگێڕەیە بەبەردەوام لە ژیانی ناکۆکی و ململانێکانیدا دێتە ئاراوە. پرۆلیتاریاو بزوتنەوە شۆڕشگێریەکەی ئامانجێکی سیاسیی نیە، چونکە کاری سیاسی مانەوەی شێوەو ڕوخساری سیستەمە بەبێ گۆڕانکاری ناوەڕۆکی. بەڵگەیش ئەوەیە کاتێک پرۆلیتاریا لێرەو لەوێ، دەیانەوێت گۆڕانکاریەکی سیاسی لە یاسایەکدا بکەن، ئەوان بەو

تەنها چارەسەرێکی ئازارشکێن پێشکەش دەکەن، نەک دەست ببەن بۆ هۆکاری ئابووریی دەردەکە، ئەمە ئەگەرچی ئەو چالاکیەیش وازی لێناهێنرێت و سروشتی ئەم کۆمەڵگایەو پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان خۆیان دروستیان کردووە. چالاکی شۆڕشگێری لەو ئاستە تێدەپەڕێت، ناکۆکی لەسەر یاسا جێدەهێڵێت، بەڵکو دەبێتە ململانێی چینایەتی. چالاکی شۆڕشگێری هەمیشە هەوڵێکە بۆ وەرچەرخان لە بنیانی ئابووریدا، لە شێوازی بەرهەمهێنان و دابەش کردندا. ئەوەی جێگای سەرنج و ورد بینیە، هەمو ئەو لایەن و حزبانەی خۆیان هەڵواسیوە بەبزوتنەوەی شۆڕشگێریدا، کاتێک ئەتوانن بەشدار بن یاخود خۆیان لەچالاکیەکی شۆڕشگێڕیدا ببینەوە کە دەستبەرداری ئەو سیاسەت و بەرنامە حزبیە بن. ئەویش بەتوانەوەیانە لە بزوتنەوەی شۆڕشگیێڕیدا، لەوە بترازێت، ئەبنە هێزێکی کۆنە پەرست و پرۆلیتاریا لەمەجرای پێشکەوتن و بەردەومیدا بەجێیان ئەهیڵێ، بەڵکو لە گۆڕەپانەکە ئەیانکاتە دەرەوە، وە هەر مەجرای بزوتنەوەکەشە ئەو ڕێگایە خۆش ئەکات یاخود ئەو فرصە مێژوییە ئەهێنێتە ئاراوە بۆ یەکلای کردنەوەیان.

٢٠٢١ / ١ / ٢٨